کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
31-12-2006 17:36بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

31-12-2006
هۆڵەندا

## ئایا جیاوازیەک هەیە لە نێوان سەدام و حزبی بەعسی هەڵوەشاوەو حزبە شیعێکاندا؟... ئارێز محمەد

ئێمەی گەلی کوردستانی عیراق لە هەموو کەس زیاتر و باشتر تاوانەکانی سەدام و رژێمەکەی دەزانیین و گەلی کوردستان قوربانی دەستی ئەو ژرێمەبووە، بۆیە نامەوێت لە سەر ئەو تاوانەنە بدوێم کە لە دژی گەلی کوردستان ئەنجامدراوە، چونکە ئەوەی لای هەموان ئاشکرایەو سەدام دیکتاتۆر بوو. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە سەدام لەسەر تاونێکی زۆر بچوك بەبەراورد لەگەلڕ ئەو تاوانانەی لە بەرامبەر گەلی کورد ئەنجامی داوە لەسێدارە دارا، چونکە بە لە سێدارەدانی سەدام و کۆتایی ژیانی سەدام ئیتر ئەو دادگایی کردنە ئەوەندە گرنگی نامێت و گرنگی پێنادرێت، بە لەسێدارەدانی سەدام کێشەی جینۆسایدی کورد کە لەلایەن سەدام رژێمەکەوەیەوە ئەنجامدراوە لەدژی هاوڵاتیانی کورد بە نەمانی سەدام ئەو قەزیەیە بچوك دەبێتەوە شتێك نامێنێت بڵێن جینۆسایدی کوردکراوە! لەسێدارە دانی سەدام سەرکەوتنێکە بۆ شیعە و شکستێکە بۆ کورد. هەروەها ئایە لەسێدارەدانی سەدام لەیەکەم رۆژی جەژنی قوربان‌دا و بەو شێوازە و ناو هێنانی موقتەدا و جەماعەتەکەی وەکو لەو وێنەی کە بەمۆبایل گریاوەو لە زۆربەی ماڵپەرە جیهانێکاندا بڵاوبۆتەوە لەکاتی لەسێدارەدانی سەدامدا هەمان رەفتاری سەدام-یان ئەنجامدا. بەهۆی ئەوەی چەندین کەسایەتی یاسایی باس لەوەدەکەن کە نابێت لە رۆژانی پشوو هەروەها مناسەبە ئاینێکاندا کاری لە سێدارەدان ئەنجام بدرێت. ئەوەی من بەستمە لەم نوسینەدا ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە ئایا ئەو رەفتارەی حکومەتی عیراقی شیعەکان هەمان رەفتاری سەدام دووبارە ناکەنەوە؟ بەبروای من ئەم رەفتارە هەمان رەفتاری سەدامێکانە، چونکە ئەوانیش بە هەمان شێوە دەسەڵاتەکیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان قۆستەوە، براوا ناکەم هیچ کەسێکی خاوەن ویژدان نکۆڵی لەوە بکات کە کە سەدام دیکتاتۆر بووە و ئەو سزایەی لەسێدارەدان شایشتەی بووە، بەڵام وەکو ئەوەی کە ئێستا دەڵێن عیراقی فیدراڵی و مافی مرۆڤـــ بەهەمان شێوە هەڵسوکەوت بکەن کەواتە هیچ جیاوازیکە نییە لەنێوان سەدامی دیکتاتۆر حکومەتی شیعەی عیراقدا. ئەبوایە رێز لەوەبگیرایە کە هێشتا دادگا لەبەردەوامی کارەکانیدا بوو لەسەر کێشەی کورد و ئەنفال و دەبوایە رێزیان لە دادگا بگرتایە بۆ ئەوەی لەسەر کێشەی کوردیش بریاری دادگا ئاشکرا بکرایە. هەورەها گەورەترین هەڵەش کە لە دادگایی کردنی سەدامدا ئەنجامدا حاکم رەئوف رەشید هەڵەبجەی کردی بەوەی لە کێشەی دووجەیلدا بریاری لەسێدارە دانی بۆ سەدام و چەند کەسێکی رژێمەکەی دەرکرد، دەبوایە حاکم رەئوف بۆ کێشەی دووجەیل بریاری لەسێدارەدانی دەرنەکردایەوە و بریاری زیندانی هەتاهەتایی بۆ سەدامی دیکاتۆر دەربکردایە بۆ ئەوەی بەکیشەی کورد بریاری لەسێدارەدانی بۆ دەربکرایەوە لەسێدارە بدرایە ئەو کاتە کێشەی کورد و قوربانێکانی زیاتر لەجیهاندا دەناسرا. هەروەها وەکو هۆڵەندیەکی پسپۆری رۆژ هەڵاتی ناوەراست لە دوای لەسێدارەدانی سەدام بۆ کەناڵێکی هۆڵەندی گوتی پەلەکردن لە لەسێدارەدانی سەدام بۆ ئەوەبوو کە ئەگەر دادگاکە زۆری بخایەندا زۆر نهێنی ئاشکرا دەبوو بەهۆی ئەوەی سەدام لەکاتی 8ساڵەی جەنگی نێوان عیراق وئێراندا کە زۆر وڵاتی رۆژ ئاوایی و لایەنی تر هاوکاربان بەسدام پێشکەشکردوە.

تایبەت بە کوردستان نێت